# ڕاپەڕینی خەڵكی مهاباد و یەكێتی شۆڕشگێڕان

**عەلی مەحمود محەمەد**

**وا ڕاپەڕینی جەماوەری كوردستانی خۆرهەڵات پێی نایە بیستەم ڕۆژی خۆیەوە , مەشخەڵ بەدەستانی شارەكانی كوردستان جیاوازی بیروڕاكانی خۆیان ناوەتە لاوە , ئەوەی ئەوان بیری لێ دەكەنەوە بەرژەوەندی باڵایە , ئەوەی یەكیانی خستووە ڕەتكردنەوەی دكتاتۆرییەتی كۆماری ئیسلامی ئێرانە , لەم قۆناغەدا ئەوەی خەڵكی شارەكانی كوردستان نەیخوێننەوە حیزب حیزبێنەیە , ئەوەی چاویان نەیبینێت جیاوازی ڕەنگەكانە .**

**لەم قۆناغەدا سەركوتی كۆماری ئیسلامی گەیشتووە بە لوتكەو پۆپی خۆی , بەرامبەر بە سەركوت , ئەو خەڵكە جیاوازی ناكات لە نێوانی پارت و لایەنە سیاسییەكان كوردستان , ئەوەی دژ بە كۆماری ئیسلامی بێت ئەوان قەبوڵیانە . بە هەمان شێوە كۆماری ئیسلامی ئێرانیش ئەوەی نەیكات , جیاوازییە لە نێوان هاووڵاتیانی كورد , جیاوازی پارتایەتی و بیروڕای تاكەكانە , بە یەك چەك پەلاماری هەموان دەدا , لە یەك زیندانییان قایم دەكات .**

**ماوەیەكە لێرەو لەوێ بڵاڤۆكی یەكێتی شۆڕشگێڕان دەبینیین شەڕیانە لەسەر ئەندام بوونی كاكە شوانە لە ڕێكخستنەكانیان , هێشتا كفنەكەی زەرد نەبووە شەڕی میرات بۆ دورینەوەی دەسكەوت و نفوزی سیاسی دواتر دەستی پێ كردووە . من لە یەكێتی شۆڕشگێڕان دەپرسم , ئایا ڕاپەڕینی خەڵكی مهاباد لەبەر دڕندەیی كۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە لاوێكی كوردە؟؟ , یان ئەندامێكی شۆڕشگێڕان ؟ , چەند جاری پێشوو شۆڕشگێڕان بە كۆمەڵ لێیان شەهید كرا , تەنانەت كادیرانی پایە بڵندیش ؟, بەڵام كەس نەخرۆشا , تاكە دوكانێكیش دا نەخرا , یەك گەڕەكیش , تەنانەت كۆڵانێكیش ڕانەپەڕی ؟. بۆیە قازانجی ئەوان نییە گرەو لەسەر ئەندام بوونی كاكە شوانە بكەن لەم كاتەدا ؟ , بەڵكو گرەو لەسەر جۆش دان بە نارەزایەتییەكان بكەن .**

**باشە حیزب و لایەنەكان , بەتایبەت دیموكرات و كۆمەڵەكان و پژاك ئێستاش پشت بكەنە ڕاپەڕین , كاك سەعید یەك پشكۆی پێ باوەشێن ناكرێت , نەك جۆش و خرۆشی شۆڕشێك بدات , ئاخر ئەوان بە ئەندازەی وشەی ناو بەیاننامەكان یەكێتی شۆڕشگێڕان قوربانییان داوە , حیزبی بەیاننامەو ڕاگەیاندن نیین , حیزبی كارن نەك هیواو ئامانج .**

**هەرچەندە ئەمە مانای ئەوە نییە لە پراتیكی ئەوان و مامەڵەیان لەگەڵ بزاڤی جەماوەری ڕازی بیین , ئەوانێك بە داخەوە لەبەر سەفەری خانەوادەكانییان ناوێرن بچنە بەردەم سەفارەتخانەكانی كۆماری ئیسلامی ئێران , دەیانتوانی زۆر بكەن , بەڵام خەڵكی مهابادیان بە تەنیا بەجێ هێشت , هێشتا زۆر ماوە نەچووە , ئەوە داهاتوو چاوەڕوانیین .**